
## مۆلەتی لێخورین و ڕێبەرایەتی سیاسی! ... قادر نادر

2006/02/ 17



بەڕێوەبردنی دەولەت و لێخورینی ئۆتۆمۆبیل خالی هاوبەشیان زۆرە، هەردوکیان ئەگەر بەجوانی بەڕێوە بچن ئەوا دەتوانن خۆشگوزەرانی بۆ تاك و كۆمەل پەیدابكەن، پێچەوانەكەشی ڕاستە.
لێخورینی ئۆتۆمۆبیل لەئەورپا بەگشتی و سوید بەتایبەتی سیستەمێكی زۆر جوان و یاسایی هەیە (1)، زۆر جار بیرم بۆ ئەوەدەچێت ئەگەر یاساكانی لێخورینی ئۆتۆمۆبیل لەبواری سیاسی لەسەر سەركردەكانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست بەگشتی و كوردستان بەتایبەتی بچەسپایە، دەیان كێشەی گرنگی میللەت چارەسەر دەكرا، بۆنمونە لەیاساكانی لێخورین لەم وولاتە، تەنیا یەكجار لە گلۆپی سوور بدەیت و پۆلیس بتبینێ بێ قەیدوشەرت مۆلەتەكەت لێوەردەگیرێتەوە، كەچی سەركردەكانی ڕۆژهەلات دەیان جار لەگلۆپی سۆری میللەتیان داوە، بێ ئەوەی كەس بتوانێت پلە سیاسیەكانیان لێوەربگرێتەوە؟
بەدەستهێنانی مۆلەتی لێخورین لەسوید، كەمێك ئە ستەمە، بەهۆی زۆری یاسا و هێمای هاتوچۆیە، ئەمەجگە لە نەبوونی خزم خزمێنەو بەرتیل دان. وەگرانی نرخی لێخورین بۆ نمونە یەك كاتژمێر بە 65 دۆلارە، ڕاستە لەكوردستانیش تاقی كردنەوە تیۆری و پراكتیك هەیە، بەلام جیاوازی خۆی هەیە، هەربۆیەشە ئەو شوفێرانەی لەكوردستان ئۆتۆمۆبیلیان لێخوریوە، زۆربەیان بە 3.2 جار دەتوانن مۆلەتەكە وەربگرنەوە، وەتا دووسالیش لە ژێر چاوەدێری دا یت هەر هەلەیەك بكەیت سزای قورس وەردەگریت كەلەزۆرینەی مۆلەت وەرگرتنەوەیە.... تا مۆلەتی لێخورینەكەم وەرگرت سالێكی خایاندو بە 4 جاریش دەرچووم، زۆر جار بیرم بۆ ئەوە دەچوو بەدەستهێنانی پلەی وەزیرێك لەكوردستان زۆر ساناترە لە بەدەستهێنانی مۆلەتی لێخورینەك لە هەندەران، ئاخر وەزیرو بەرپرس تەنیا تەزكیەكی (م س) م گوێرایەلی حزبی دەوێت.
ئەی كورە بەرپرسەكان هەركە تەمەنی 18سالی پردەكەنەوە لەبری بانگهێشتی سەربازی، بۆ پلە بەرزە حزبیەكان دەگوازرێنەوە!؟

لێرە یاساغە خێرایی لە110 زیاتر لێبخوری (2)، ئەگەر زیاتر بوولە 140 سەرلەنوێ دەبێت دەست بەمۆلەت دەرهێنان بكەیتەوە، كەچی سەركردەكانی ڕۆژهەلات بەئارەزوو ی خۆیان ئەو میللە تە لێدەخۆرن، كەسیش ناتوانێت بلێت ئەو شێوە لێخورینەی ئێوە كارساتی بەدوایە، فەرموون 6 مانگ دابنیشن.
لەهەمووی سزاقورستر بە سەرخۆشی لێخورینە، نەك مۆلەتەكەت لێوەردەگیرێتەوە، بەلكو بەپێی ڕێژەی خواردنەوەی ئەلكحولەكە زیندانی دەكرێیت.
تا لەكوردستان بووم پۆلیس كەمترین دەسەلاتی هەبوو، لێرە پێچەوانەیە، پۆلیس دەولەتە چونكە كاری (هاتوچۆ، سزاو تاوان، ئاسایش، زانیاری و پاراستن... دەبینێت بەلام زۆر بەنەرم و نیانی مامەلە دەكات لەگەل هاولاتی.

لەسەروی هەموو ئەمانە سەرجەم بەرپرسە حزبی و حكومیەكان بە سەرۆك وەزیرنی سویدیشەوە وەك ئێمە لەترسی پۆلیس بۆی نیە یەك هەلەی لێخورین بكات.
لەكاتی دادگایی كردنەكانی سەدام 2جار گوێبیست بوو م سەرۆكی زیندانكراو نازی بەسەر دادوەرەوە دەكرد و دەیووت من 35 سالە خزمەتی ئێوەم كردووە!؟ ئاخر سەدام تۆ 10جار لەگلۆپی سورت داوە سەدان جار بەسەرخۆشی ئۆتۆمۆبیلت لێخوریوە، نازی چی بەسەر خەلك و دادوەرەوە دەكەیت. ؟

1. هەندێ لەو یاسایانە لەكوردستانیش هەیە بەلام جێبەجێ ناكرێت، لێرە 100% جێبەجێدەكرێت.
2. ئەگەر مۆلەتت كەمتر لە دووسال هەبێت نابێت خێراییت لە 120زیاتربێت بەلام ئەوانەی 2سالیان زیاتر پركردۆتەوە نابێت لە140 زیاتر لێبخورن لەهەردوو حالەت مۆلەتەكە وەردەگیرێتەوە، بەلام كەمتر بێت پارەیەكی باش دەبێ بدەیت، وەجگە لە بوونی پۆلیس بە جلی هاوولاتی و تایبەتیدا كامیراش لەزۆر شەقام هەیە بۆ كۆنترۆلكردنی خێرایی ئۆتۆمۆبیل.